کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# چونکە من کوردم

ئەحمەد دەشتی



چونکە من کوردم بێ ماف کراوم
لانە داگیر و من ڕەتێندراوم
واری شیرینم زۆر لە مێژساڵە
زەوت کراوەو ژیانم هەر تاڵە
تازیی و تورک وعەجەم پێکەوە
خاکیانلەت کردوم دەمبڕێننەوە
کەس وکارانم بەکۆمەڵ دەکوژن
زۆرلەمێژ ساڵەخوێنی کورددەمژن
منیش دەمەوێ سەربەخۆ و ئازاد
قەوارەی خۆم بێ بژیم بەدڵیشاد
نەچەوسێمەوە مافی ژینم بێ
ئاڵام سەرکەوێ وسەربەخۆییم بێ
کوردستانی خۆم بەرەو پێش ببەم
ئالای ڕەنگینی کوردم هەل بدەم
نامەوێ شەڕوخوێن ڕشتن هەبێ
کورد لەژێر چنگیهیچ کەسێ ببێ
نەفرین لەشەڕوگشت داگیرکەران
هەر بژی ئاشتی و ئازادی گەلان
کوردم و قوربانی خاکی شیرینم
بۆ کوردستانە گشت بیر و دینم
کوردستان ڕوگەو چاوو هەستمە
سەربەخۆیی کورد ڕێو مەبەستمە
تا خاوەن ئاڵا و سەربەخۆ نەبم
لە کاشیانەی خۆم، ئازادە نەبم
هەڕگیزناسرەوم قەت ئۆخەم نابێ
بێ سەربەخۆیی ژێنم شاد نابێ
هەردەبێمنیش سەربەخۆ و شادان
بژیم لە خاکی کوردو کوردستان
ئەسپی هونەرو زانست تاو دەدەم
کوردستانیخۆم بەرەوپێش دەبەم
ئالای کوردستان دەشەکێنمەوە
سەربەخۆ و ئازاد من دەمێنمەوە
لە گشت ئەتلەسونەخشەیجیهانم
سەردەخەم نەخشەیخاکیکوردانم
لە بالاخانەی گشت نەتەوەکان
دەردەخەم ئاڵای کورد زمانەکان

*

پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە نیشتمانی خۆیان بە هیچ گەوهەرێ ناگۆڕنەوەو هەر کوردن